شیعر



موحسن ئاواره

# ڕەهایی لە هەڵمژین و دوور لە ڕکێف

١

تێر تێر بووە گیانم لە خەم
لێوان لێوە لێی دەڕژێتەوە
با سەرداری خەم
عارەبانەی ڕاکێشێ و لێی خوڕێ
چیتر خەمم بۆ ناخورێ
ئەگەر خەم بە بەردەمما تێپەڕێ
ڕووی لێ وەردەگێڕم
ئەگەر ئەو دانیشێ، من هەڵدەستم
تا ماوم گرێبەستێکی لەگەڵدا نابەستم
تێر تێر بووە گیانم لە خەم
پڕ پڕ بووە ژیانم لە خەم
گەر زەمبیلەی جاران مابێ
ئەو کاتانەی ڕۆژانە پڕم دەکردن
لە خەمی وشک و تەڕ

دەمبردەوە بۆ ماڵ
لە مەودوا زەمبیلەی تر بەتاڵ ناکەم
ناچمەوە ژێر ڕکێفی خەم
من خەمێکی گەورەترم هەیە بیخۆم
ئەویش خودی خۆمە، بە مێوانم دەزانن
لەسەر خاک و نیشتمانی خۆم!!

٢

ئەشکەوتێکی دێرینە ساڵ
دەگەیەکی پۆڵاینی بێ پەنجەرەی پێوەنرا
لە ژوورەوەیدا
(ئازادی) تەنگە نەفەس بوو، عەجمانی نەما
لە ناخەوە خرۆشا و جۆشا
وەک ئەسپە کێوی لغاو کراو
سەرکێشانە ڕەوییەوە
بەڕووی تاریکی و دەرگەی داخراو
دەرگەی لە ڕێسمەوە هەڵتەکاند
بەسەر پشتدا وەریگەڕاند
ڕەها بوو ... هاتە دەر
ڕووناکی لە باوەش گرت
لە لەوەڕگەی تەڕ و تازەدا
پڕ بەسینەی هەوای کێوانی
هەڵمشت!!

٣

سپارتاکۆس عیشقی ڕەهایی لە دڵدا بوو
بۆیە لە چاوەڕوانی هەتاوی ئازادیدا
وەک گوڵەبەڕۆژە زەرد هەڵگەڕا بوو

٤

له سەفەری ئەندێشە و ڕامان
تا دوا شەبەنگی بینین
دەڕوانمە تۆ ئەی ئاسمان
ئەی ئاسمانی بچووک بچووک
بەقەد گلێنەی چاوم
ئەی ئاسمانی گەورە گەورە
بەقەد ئەو بازەی هەڵتداوە
ڕۆژێ دەربێنێ هەردوو چاوم
کوا ئەو بۆشاییانەی ڕۆژانێ هەبوو
ئەوەتا باڵندە و مووشەکە بێ باڵەکان
فڕۆکە و مانگە دەستکردەکان
هەور و خۆر و مانگ و ئەستێرەکان
باڵۆنی ڕەنگا و ڕەنگ و کۆلارەکان
گیانیان بەتاڵ نەهێشتووی
گەر منی مرۆڤ
(باڵ)یشم نەبێ،
بە نێو ئەو بۆشاییانەی تۆدا
بەخورجینەی پڕ لە وشەوە بفڕم
هەردەم من بەهێزترین فڕندەم بۆ فڕین
ئازادیشم لێ زەوت کرێ
خەیاڵ هەڵمدەگرێ
زەینی شتە جوانەکان بەرزم دەکاتەوە
خواوەندی شیعر گۆرانیم بۆ دەچڕێ
هەرنا لەو فەزایە بێ (بازگا)یانەی تۆدا
وەک ڕەوەند و کۆچەریان
ئێرە و ئەوێم پێ دەگرێ؟!